# نامەیەک بۆ نووسەری "ژیان بەدەم زریانەوە"

*"لە گۆڤاری گزینگدا بڵاو بووەتەوە"*

بەڵێنم دابوو لە سەر چیرۆکەکەت "گەلاوێژ" بنووسم، هێندە بە دووا کەوت هەتا "چیمەن"ی بە دووادا هات. دایمە بیانوویەک بۆ تەنبەڵ هەیە. سپاس کە بۆت ناردم... ئێستا لەباتی گەلاوێژ لەسەر "ژیان بەدەم زریانەوە" دەنووسم' پێم خۆش بوو کە لە وڵامی نامەکەتدا کە بڕێ شتت لەسەر چیرۆکی کوردی نووسیبوو، شتێکی تێر و تەسەل سەبارەت بە چیرۆکی کوردی بنووسمەوە، هێشتا ئەو دەرفەتەم بۆ نەڕەخساوە و پێشم وا نییە بەو زووانە بڕەخسێ. لێرە بڕێک "گریز بە کەربەڵا" پێیدا دێم.

بۆ من دژوارە لێکدانەوە لە سەر ڕۆمانێک بکەم کە لە دنیای چیرۆکەکەیدا ناژیم. تەنیا دەتوانم وەکوو چیرۆک هەڵیسەنگێنم.

بۆ من کوردستان ئەو کوچە و کۆلانە خوڵەپۆتانەیە کە لەگەڵ منداڵیمدا گرێ دراوە. مێشێن و هەلوکان و تامەزرۆیی... زریان هەڵیکەندین و دووایە لە هیچ کوێ نەگیرساینەوە. بۆیە تامەزرۆییەکە هەر ماوە و پیلم دەکێشێ و چیرۆکی کوردیم پێ دەخوێنێتەوە. ڕەنگە دەمەوێ بە هۆی چیرۆکەوە لەو ژیانەدا بەشدار بم کە لێی بێبەری بووم. داخەکەم هەرچی زیاتر دەگەڕم کەمتر دەبینمەوە. نەک هەر کەم دەنووسرێ، بەڵکوو ئەوەش کە دەنووسرێ وڵامی چاوەڕوانییەکەی من ناداتەوە... ناڵێم ئەمەی تۆ نووسیونە ئەوەیە کە دەبێ ببێ، بەڵام هیوایەکی لە مندا دروست کرد کە بڵێم منداڵەکە کەوتووەتە گاگۆڵکێ... دەزانم پێیدەکەنی، هەقتە، منداڵی سێسەد ساڵە تازە کەوتووەتە گاگۆڵکێ... مەڵێ وڵاتمان نەبووە، زمانەکەمان بەربەست کراو بووە و... ئەو شتانە کە قەت نایبڕییەوە. مەگەر لە دەورەی "خانی" دا دەوڵەتی کوردی هەبووە؟ یا خەڵک بە زمانی کوردی خوێندوویانە؟ بۆ خانی هەموو ئوسووڵە بنچینەییەکانی تراژێدیای ڕاگرتووە؟ بەڵام چیرۆک نووسەکانی ئەمڕۆی ئێمە نەک هەر ئۆسووڵی چیرۆک لەبەرچاو ناگرن بەڵکوو دەردەکەوێ کە نایزانن و ورەی نووسەر بوونیان نییە. ئاخۆ کام لە چیرۆکنووسەکانی ئێستا دەوێرن کە ئەو دیمەنە سێکسییەی شەوی یەکەمی زەماوەندی "ستێ و تاجدین" بنووسێتەوە؛

"چەسپان بە یەکا نە وەک پسوتن      خۆش ئێستەیە جووت و ڕووتو و قووتن
کڵچۆکی سپی و ستور و سەر سور      ڕێ تەنگ بو بە گێرە گەییە کلتور
دەردی دی هەتا گەییشتە ناوی      خەستاوی ڕژان لە تاقە چاوی
یەک خۆی دەچکا لە گەرمی ڕێگە      یەک خوێنی تکا لە تەنگی جێگە
حەو ڕوژی لە دەرهێنان و تێنان      بەولاوە شتی وەبیر نەدێنان."

ئەتۆش کە پێت وایە بە زۆر شت وێراوی، لەمەدا وەک بۆرەپیاوێکی شاری دەستت بۆ بردووە. (دیمەنی پێکەوە بوونی چیمەن و سیامەک لە شانشین).

بەداخەوە دەبێ بڵێم چیرۆکنووسەکانی ئێمە نۆ لە دەیان چیرۆک نووس نین. ئەوەی کە نێوی چیرۆک و کورتەچیرۆک و رۆمانی لێدەنێن زیاتر راوێژ و حکایەتە و قسەی خۆش گێڕانەوەی بە شێوەی باب و باپیرانە هەتا چیرۆک بە مانای راستەقینە. یاخۆ پەخشانی سیاسی یا قسەی قوڕ و بێتامە. ئەو گوتەیە بە تەواوی راستە کە دەڵێن چیرۆک دەبێ وەکوو چیرۆک بێ، لە ژیان سەرچاوە بگرێ، بەڵام ئەگەر لە ژیانی ئاسایی بچێ کەس نایخوێنێتەوە.

رەنگە بگوترێ چیرۆکی کوردی تایبەتی خۆی هەیە، ئاخۆ دەزگای رادیو و تەلەڤزیۆنی کوردی بە ترانزیستور کار دەکا یا لە دار و بەرد و تەپاڵە؟ چیرۆک و رۆمانیش وایە، خۆ ئێمە دامان نەناوە. ئەوانە کە دایان ناوە ئۆسوولێکیان بۆ داناوە. ئەگەر ئەوانەمان لەبەرچاو نەگرت، یان نەمان زانی چن، دیارە بە مەبەست ناگا و هیچی لێی شین نابێ. گەرچی دەستەبراکانمان چەپڵەمان بۆ لێبدەن و ئێمەش دڵمان خۆش بێ بووینەتە نووسەر.

بەر لەوە کە پەشێوی ئەم بابەتە بەرەو لایەکی دیکەم ببا، دەگەڕێمەوە سەر رۆمانەکەی تۆ و دەیکەم بە بیانوویەک بۆ وتووێژێک کە هیچ نەبێ لانی کەم لە بۆچوونەکانی من ئاگادار بی.

کە گوتم رۆمانەکەت، یانێ دانم بەوەدا ناوە کە رۆمانە، با پەنجا هەزار وشەکەشت پڕ نەکردبێتەوە (نازانم چەندە) ئێستا ئەو مەرجە نەماوە، بەڵام دەیان مەرجیتر هاتووەتە پێشەوە.

ئەوەندە کە من بیزانم مامۆستاکان گوتوویانە: هەر چیرۆکێک دەبێ لەسەر سێ کۆڵەکە دادەمەزرێ. کات، شوێن، رووداو. ئەوانیتر وەکوو داڕشتن و فانتزی و زمان و... گەرچی لە جێ خۆیاندا گرینگن بەڵام دەست و چاو و رازاندنەوەن کە هەموویان لە سەر ئەو سێ کۆڵەکە خۆیان رادەگرن. قرپ بوونی هەرکام لەو کۆڵەکانە دەبێتە هۆی رووخانی ماڵەکە...

با لە بەرێکەوە پێیدا بێمە خوارەوە:

چیرۆکەکە بە شەوێکی رەشی مانگی ئاخری زستان دەست پێدەکا. شەوی رەش و زستان یانێ تاریکی و سەرما- بە شێوەیەکی دیکە یانێ چەوسانەوە و زوڵم و زۆر- دوو پاڵەوانن کە دەور دەگێڕن، نەک لەبەر سروشتی بوونیان، لەبەر ئەوە کە دوژمنن. فەزایەکی رەش و تووش و بێ بەزەیی کە دوژمن خولقاندوویەتی لە مێشکی خوێنەردا ساز دەکا و ئەتۆ کەڵکت لێی وەرگرتووە. گەرچی بەشی زۆری چیرۆکەکە –لە باری کاتەوە- بەهار و هاوینە، بەڵام گەرمم نەببووەوە کە تۆ زستانت دەست پێکردەوە. تەنانەت بیرەوەرییەکان (flash back) هەموو هەر کاتیان زستانە، (بیرەوەری سۆفی، هاتنی دایکی چیمەن بۆ شار، گوم بوونی باوکی چیمەن لە هەرەسدا) ئەمە بۆ من یانێ ئەم رەوتە لە مێژوشدا هەر بەردەوام بووە، بەڵام ئێستا ئاخر مانگی زستانە و تۆ لەسەر ئەو باوەڕەی کە رزگاری نزیکە؛ تەنیا لە یەک شوێن ئەم ریتمە تێک چووە، لەسەر کانییەکەی "سوڵتان سەراجەدین" ئەویش لەبەر ئەوە کە بەرانبەردانان (contrast)ێکی بەجێ و جوانە، دەکرێ نەدیوی بگرین. چیرۆکەکە هەر لە زستاندا کۆتایی پێدێ، شەوی نەورۆز بوون شتێک لەو راستییە ناگۆڕێ کە هێشتا زستانە چوونکە هێشتا دوژمن زاڵە و ناهێڵێ خەڵک ئاگر بکاتەوە، چیمەن خوێناوی و نیمەگیان لە زیندانی تاریک خراوە، کەوابوو سەرما و رەشی و تاریکی هەر بەردەوامە.

زۆربەی رووداوەکان لە شەودان. دوژمن بەشەو دێتە سەریان و پێشمەرگەش بە شەو هێرش دەبەن یان هاتووچوو دەکەن. شەو بەسەر ژیاندا زاڵە. ئەم هەستە لە هەموو شوێنەکان هەر دەمێنێ.

تەنانەت ئەو کاتە کە خۆر هەڵدێ، چوونکە تەقەی تۆپ و هەرای شەڕی بە دووادا هاتووە. دوژمن دوژمنی رووناکییە. کاتێک ئاویەر ئارەچنە زەردەکەی لەسەر دەنێ، دایە دەکوژرێ، کاتێک خۆر لە کونەوەجەکەوە هاتووەتە ژووری دەنگی هلیکۆپتەر بەرز دەبێتەوە و... بە گشتی یەکگرتوویی و پاراستنی دەوری کات بەباشی پارێزراوە.

وردبینی و وەسواس لە دیاریکردنی جێگەدا زۆرجار هێنامیە سەر ئەو بیرە کە زۆر پێیدا چووی، تەنانەت هێندێ جار وەسواسی "تولستوی"م لە شەڕ و ئاشتیدا وەبیر هاتەوە. ئەو هەموو تەپکە و دۆڵ و نێوی گوند و چۆم و... داخۆ بۆ رۆمانێکی ئاوا بەرتەسک پێویستە؟ دواتر بیرم کردەوە کە ئەو شەڕە شەڕی خاکە، خاکێک کە خۆشەویستە گەرچی بەفریشی لێی نیشتبی و پاسدار میزی پێیدا بکا. شەڕی نیشتمانە بۆیە جێگا و شوێن هێندە گرینگ بووەتەوە. لە زۆر شوێنیش هەلومەرجی داسەپاو بەسەر ئەو خاکەدا وەبیر هێندراوەتەوە وەکوو "دێ لە ژێر بەفردا نووستبوو/ مژ سەرکڵاوەی سوڵتان سەراجەدینی داگرتبوو/ رەشەڵان رەش داگەڕابوو و...

لە رووداوەکاندا، یان بڵێین لە چیرۆک گێڕانەوەکەتدا، کارێکی پڕ لە مەترسیت کردووە. رووداوەکانت گرێداوە بە دەروونی پاڵەوانەکانەوە. بۆ نموونە پاش گەییشتنی چیمەن بە ناوەندی رێکخراو تەنیا چیمەنە کە بە شوێن خۆیدا دەمانبا نەک چیرۆک... رۆژی دوای زەماوەند، رووداوەکە - هێرشی دوژمن- سەرنجمان رادەکێشێ دەنا کارمان بە چیمەن نەماوە. کاتێک چیمەن لە باینچۆ دادەمەزرێ ئەگەر ئامە بە فریاماندا نەیێ دەتوانین کتێبەکە داخەین،... رووداوی مزێ بۆ خۆی چیرۆکێکی پاڵەوانی جودایە کە بە ئاستەم و دوو بەڵا- پەڕینەوەی سیامەک بۆ ئەوبەر- بە چیرۆکەکەوە گرێ دراوە. رووداوی شیرین تەنیا لە باری بابەتەوە – کێشەی ژن- لە چیرۆکەکەدا جێ بووەتەوە. گەرچی من ئێستاش دەستە خەنەییەکانیم لەبەرچاو وون نەبووە.

نازانم چەندە ئاگات لەم مەترسییە هەبووە. جاری وایە زۆر سەرکەوتوانەیە و جاری واشە بە زۆر قوت دەدرێ. ئەگەر سەی حەسەن و موزەفەرم خۆش نەویستبا دەمگوت زیادین. "مۆرگان" دەڵێ: ئینسانی سەرەتاییش کاتێک چیرۆکی دەگوت ئاگای لەوە بوو کە گوێدەرەکانی دایمە لە پەیجوریدا رابگرێ، بیانەوێ بزانن دووایە چ دەبێ، دەنا هەڵدەستان دەیانخوارد. (بریا ئەو دابە هەر مابا!) لە راستیدا هەموو هونەری چیرۆک گێڕانەوە، گرێدراوە بە ماتڵ بوونەوە (suspense) خەتەر کردنەکەی تۆ لەوەدایە کە ویستووتە لەباتی ماتڵکردنەکە پاڵەوانەکان بکەی بە خۆشەویستی خوێنەرەوە و بیکەی بە هۆی درێژەدان بە خوێندنەوە. لێرە ئەتۆ خۆتت داوەتە دەستی هەستی خوێنەرەوە و هەر کەسە بە پێی هەستەکانی بۆ بابەتەکان، بڕیاری لەسەر دەدا. بۆ وێنە خۆشەویستی پێشمەرگە من وا لێناکا کە چاوپۆشی لە کەم و کوڕی چیرۆکێک بکەم، بەڵام بێ پەنا بوون و بێدەسەڵاتی ژن لە کۆمەڵی کوردەواریدا وام لێدەکا. رەنگە لەبەر ئەوە بووبێ کە تا کتێبەکەم تەواو نەکرد دام نەنا. بەڵام ئەوە ناتوانێ گشتی بێ.

شانسی هەرە بەرزی ئەم چیرۆکەت ئەوەیە کە کەسەکان (personage) وەکوو زۆربەی چیرۆکەکانی کوردی یەک لایەنە نین، کە وەکوو پۆستر بە دیوارەوە نووسابێتن و چوار دروشمی زەلامیان لەسەر نووسرابێ، یان مژ لە سەبیلەکەیان بدەن و قسەی لە ئەفلاتون زلتر بکەن – ئەویش بەشێوەی زۆر ناچیرۆکانە- بەڵکوو ئینسانەکان گۆشتیان هەیە، پێستیان هەیە و چەند لایەنەن. هەموو ئەوانە کە لە خەتی ناوگری چیرۆکەکەدان هەتا ناخیان دەبیندرێ. لە پیاوەکان مزێ لە هەموو زیاتر

(پاڵەوانێکی شەڕ بە هەستێکی ناسکەوە)... شەریف پڕ بە پێستی خۆی نموونەی کادرێکی حزبییە، کاراکتێرێکی گشتی لە پلەی سیاسی ئەو وڵاتە. پەنجەرەیەک بۆ دیتنی چەندی و چۆنی شۆڕش. دیارە بە یارمەتی ئەوە کە سێ ژنەکە بە وردە تەنزێکی تاڵەوە دەیانهێنی و لەبیریان دەبەیەوە... ئەمن بام لەسەر خەلیل زیاتر کارم دەکرد. حەمە زۆر کاڵە و ئەو جۆرە کە لە سەرەتادا هێناوتە و ناساندووتە، چاوەڕوانی دەورێکی زیاتری لێیدەکرا. دەڵی لەکۆڵ خۆتت کردووەتەوە. سیامەک بۆ هاوتایی خۆشەویستییەکی ئاوەها قووڵ کە لە چیمەندا هەیە زۆر لاوە. پێم خۆش بوو بزانم بۆ وات لێکردووە؟

بۆ شیرین لە گەڵت نیم. ڕاستە لە کوردستان لە ناو لانکەشدا کچ بە مێرد دەدەن و ئەوە دەبێ بگوترێ – هۆەکەشی هەر ئەوەیە ئاماژەت پێکردووە و لە ئیسلامدایە- بەڵام من لەسەر ئەو باوەڕە نیم کە حێزبەکان پەنادەر و فریا ڕەسی کچ و ژنی کورد بن. مەگەر بە دەگمەن و داخۆ لەبەر چی... با هەر لێرە ئەوەش بڵێم کە زۆر چیرۆکی کوردی باسی ژن و ناهومێدی ژن دەکەن، بەڵام هەموو کاتێک زەق دیارە کە نووسەر پیاوە و لە کورسی بەرزی پیاوانەوە و بە زمانی باوکسالارانە بۆ بابەتەکە دەڕوانێ و ئەوپەڕی مرۆڤدۆستییەکەی دەبێتە بەزەیی پێیدا هاتنەوە، یا خۆ پەخشانی سیاسی دەرکردن. هەر وەکوو ئەو دیمەنە کە تۆ لە مزگەوتەکەدا باست کردووە... من لەم چیرۆکەدا هەستم کرد ژنان بۆخۆیان قسە دەکەن، دەوێرن باسی هەستەکانیان بکەن، گەرچی تەنیا لەگەڵ منی خوێنەرەوە نەک لەگەڵ کۆمەڵەکەیان... شیرین و چیمەن و دایکی و ئامە بۆ من دەبنە کاراکتێرێکی تەواو لە ژنی کوردەواری. پیرۆزە بۆ خۆی وەکوو پیاوێکە و نیشان دەدا کە دەسەڵات، دەسەڵاتە و بە ژن و پیاوی نییە. بریا زیاتر بنەماڵەی پیرۆزەت وەکوو بنەماڵەیەکی کوردی بە داب و نەریتی تایبەتی کوردەوارییەوە نیشاندابا. ڕەنگە بڵێی ئێستا ئەو دۆخە نەماوە، نازنم ڕابردوش بێ هەر جێگای هەیە.

لە زۆر شوێن قورسایی باری تێگەییشتن دەخەیە سەرشانی خوێنەرەوە (خۆتێگەییشتن) کە چی لە بڕێک شوێن بۆی شی دەکەیەوە. دەزانی من لەوانە نیم کە دەڵێن نووسەر نابێ خۆی تێکەڵ بکا. خۆ تێوەردان لەوە زیاتر کە چیرۆکەکە دەنووسێتەوە؟ خۆ دێکومێنت نییە. بەڵام هەموو هونەرەکە ئەوەیە کە چۆن کڵاو لەسەر خوێنەرەوە دەنێی هەتا نەتخۆن- نابێ بهێڵی بزانێ کە ئەوە کڵاوەکەیە. لە ڕاستیدا هونەری "گارسیا مارکێز" ئەوەیە کە کڵاوێکی تازەی دیتوەتەوە... ئەتۆ هێندێ جار لەم هونەرەدا سەرکەوتوو نیت. بڕوانە بەشی ناساندنی سیامەک.

من داڕشتن نەک هەر بە چۆنیەتی زمانی چیرۆک دەزانم، بەڵکوو بە چۆنیەتی بەکاربردنی زمان دەزانم. شتێک کە من لە هێندێ چیرۆکی کوردی ماندوو دەکا زۆر بەکارهێنانی وشەی هاومانا و ئاوەڵناوی زیادییە. دەڵێن وەرگێران کارتێکەری لەسەر زمان هەیە، لەم بارەوە ڕچەیەکی زۆر سەیر بۆ کورد دانراوە. "یاشار کەماڵ" ئەو شێوەیە بەکار بردووە و شوکور موستەفاش هەتا دەستی دەڕوا لیی زیاد دەکا، گەرچی خۆشتری دەکا، چیرۆک نووسی لاوی ئێمەش وادەزانێ چیرۆک نووسین دەبێ وابێ هەتا نێوی بچێتە نێو ناوان. هەر وەکوو ئەو کاتە کە بە هۆی وەرگێرانی کتێبەکانی "سارتر"ەوە بەرەیەک ببوو بە "ئێگزیستانسیالیست". هەرچۆنێ بێ، پێم سەیر بوو کە تۆ لەم شێوە کە لەناو کورددا بووەتە باو و نە باوی ماوە و نە دەور، خۆتت پاراستووە. (ئەمە چیرۆکی گەڵاوێژیش دەگرێتەوە) هەر نەبێ منی نەخوێندەوارت لە دانان و هەڵگرتنەوەی هەمبانە بۆرینە، کە بۆت ناردووم و لەبیرم چوو سپاسیشت بکەم، ڕزگار کرد.

دەڵێن "سوارە" شێعری "خەونەبەردینە"ی لە بەرانبەرکێ لەگەڵ "ماسییە رەشە چکۆلە"ی "بێهرەنگی"دا گوتووە. کەچی ماسیە رەشەکە هەموو منداڵێک تێدەگا، بەڵام خەونە بەردینە هێندە کوردییەکەی رەقە کە بە فەرهەنگی "خاڵ"یش بۆ من جیبەجێ نابێ تا چ بگا بە منداڵە هەژارەکەم.

دێمە سەر زمانی چیرۆک: گەرچی فورمولە کلاسیکەکە (سەرەتا، کردنەوە، داخستن) هەر لە جێ خۆیدا ماوە، بەڵام گۆڕانی زۆری بەسەردا هاتووە. هەرچۆنێ بێ تۆ خۆتت لێی لاداوە، نەختێک بەرەو "چخوف" و نەختێک بەرەو "شتاینبەک" یا بڵێین بە شێوەی خۆت. بۆ هەر دەبێ نێوێکی ئۆروپی پێوە بێ؟ چوونکە لە گەلاوێژیشدا هەر ئەو شێوەت بەکار هێناوە. ئەویش من نێوی دەنێم "شەپۆلی".

ڕووداوێک دێ – شەپۆلێک- چەند کەس لەگەڵ خۆی دێنێ، هێندێ هەست دەبزوێنێ و دادەمرکێتەوە. لەماوەی ئارام بوونەوەدا هەستەکان گەشە دەکەن و لەگەڵیان دەکەوین. ڕووداوێکی دیکە لە دەرەوە ڕوو دەدا و ئێمە دەبێ بە پێ ئەو هەستانە لەگەڵی بەرەوڕوو بین. دوایە بۆ خۆمان دەبێ تێبگەیین کە هەستی پاڵەوانەکان ئەوە نین کە لە پێشدا دەمانزانی. بۆ وێنە پاش هێرشی دوژمن بۆ ژاوەرۆ حەمە ئیتر ئەو حەمە نییە کە دەمانناسی. دەبێ لە سەرەتاوە دەست پێبکەینەوە. چیمەن پاش هەر ڕووداوێک شتێکی دیکەیە. شەپۆلێک مزێ و خەلیل لەگەڵ خۆی دێنێ و دامرکانی دووایی خۆشەویستی سیامەک و چیمەن... و ئێمە جارێکیتر لەگەڵ دەروونی پاڵەوانەکان بەرەوڕووین. نەک ڕاستییەکانی دەور و بەر. هەر ئەم ڕیتمەیە هەتا دەگاتە لە چۆم پەڕینەوەی چیمەن. ئەودەم ڕووداو و هەست هاوپەرا دەبن و چیمەن بە پێ ڕەوتی ڕویشتن هەستی دەگۆڕدرێ، کە بۆ خۆی دەبێتە بنچینەیەک بۆ بەشی دووهەم کە ئامە (ئاخر دیمەنی شانۆگەرییەکە) پەیدا دەبێ. ئاخر ڕووداو بە شێوەی "هاوکات و هاوڕێ" زیاتر لە تایبەتکاری خۆت – سینەما- کەڵکت وەرگرتووە هەتا تەکنیکی چیرۆک. گەرچی داهێنانێکی نوێ نییە- ئاخۆ شتێک لە مێژوودا هەیە کە تازە بێ؟- بەڵام زۆر باش داڕێژراوە و بەجێ کەڵکت لێی وەرگرتووە.

شتێکی دیکە کە دەبێ لە باسی داڕشتندا ئاماژەی پێ بکەم ئەوەیە کە جگە لەوانەی باسم کرد، وەکوو قەوارە ئەم ڕۆمانە بە کۆنتراست چێکراوە. چیمەن و نازێ، شەریف و فەرماندەی هێز، سیامەک و حەمە، زستان و بیرەوەری بەهار، ژنەکادێرەکان و ژنەکانی گوند، ئارەزووی باوەشی گەرمی دێ و ڕەشەڵانی ڕەش داگەڕاو و لە هەموو گەشتر چیمەن و شوانە. – پیاوێک پارێزگاری لە ژنێک دەکا کە هەر ئەو تاوانەی هەیە کە ژنەکەی خۆی و ئەو لێیدەگەڕێ کە بیکوژێ، کەچی لە ئاخرەوە تەنیا چیمەنە کە بۆی دەگری- ئەم دیمەنەت بۆ ئەوە دەبێ کە پیرۆزبابیت پێ بڵێم.

بۆ ئەوە کە شەڕمان لێ پەیدا نەبێ باسی ڕوانگە و بۆچوونەکانت ناکەم، تەنها دەڵێم بە جێ هێشتنی "ژیان" بە لای ئامەوە هەموو فەلسەفەکەت ڕوون دەکاتەوە، چاکت ڕاگرتووە بۆ ئاخر. بە خۆمم گوت چیرۆکەکە لێرە تەواوە! بەڵام یەک قسەت پێ مابوو کە لە پێشدا چاوەڕوانی نەبووم. گەرچی لە خۆمم پرسی بوو "حاجی مەنسووری بۆ نەکوشت؟"... ئاخر پاراگراف ئیتر بەتەواوی سێمبۆلیکە. حاجی دەبێتە دوژمن کە شۆڕش شەلی کردووە، بەڵام هەر ماوە (ئەژدەهاک ناکوژرێ) و شۆڕش دەبێتە چیمەن کە خوێناوی و نیمەگیانە و گەرچی لە نێو تاریکی خراوە، بەڵام هەر ماوە. نەشمێنێ گرینگ نییە. کۆرپەکەی هاتووەتە دنیا. لەسەر کێوەکانیش ئاورێک کراوەتەوە کە دوژمن پێی ناکوژێتەوە.

**

پێموایە کورپەی ڕۆمانی ئێمەش هەتا بگاتە ئەو جێگایە کە ئەوڕۆ ئەدەبی دنیای تێیدایە ڕێگایەکی پڕ لە کۆسپی لەبەرە کە بۆ بڕینی ئەو ڕێگایە نەک گاگۆڵکێ کە دەبێ هەڵاتن فێربێ و بۆ ئەو هەڵاتنە دەبێ هەموو هەوڵ بدەین زیاتر فێر بی... هەتا چیرۆکی کوردی نەگاتە ئەو ڕادەی کە بکرێ وەرگێڕدرێتەوە بە ئینگلیسی بەتەمای مەبە لە چاپخانەکان بێتە دەرێ.

بەشێکی زۆر لە قسەکانم سەبارەت بە وردەکاری و ڕوانگەی کۆمەڵایەتی و... ماوەتەوە لێیان دەگەڕێم. تەنیا چەند پرسیار هەیە کە پێم خۆشە وڵامەکەیان بزانم:

- پێنج دایک لەو چیرۆکەدان، دوویان دەکوژی، یەکیان چاوەڕوانی کوڕە کوژراوەکەیەتی، چیمەن دەچێتە بەندیخانە و ئامە ماوەتەوە. ئاخۆ ئەمانە ڕەوتی چیرۆک هێناویەتی یان مەبەستێکت هەبووە؟
- بۆ پێشمەرگەکان زۆربەیان شارین و باسی پێشمەرگەی لادێیی ناکرێ؟
- بۆ خۆتت لە دووبەرەکی ژیانی شار و دێ نەداوە، گەرچی پاڵەوانەکان هەموو لە شارەوە هاتوون و لە گوندان‌دا دەژین؟

بە هیوای بەرهەمی تازەت...

ئەمیر – ک. ١٩٩٣